# ئانا میرجیان: عێراق ئەو دەوڵەتەیە کە کەس بە ناوییەوە قسە ناکات ... چیمەن ساڵح

ئانا میرجیان بە ڕپرسێکی پروگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆپەرەپێدانە و ئەندامی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆهاوکاری عێراقە لە نوسینەوەیدەستووردا، بوَماوەی سێمانگ لە ناوچەی گرین زوَنی بە غدا ماوەتەوە لە ماوەی ئامادەکردنی رەشنووسی دەستوور.

لە چەند رۆژی رابردوودا لە موحازەرەیەکی خاتوو ئانادا ئادە بووم لە عەممان لە بارەی چوَنێتی نووسینەوەی دەستوور و خاتوو ئانا زوَر بە وردی باسی پروَسەی نووسینەوەی دەستووری کرد، بێگومان وەك ئۆفیشیاڵێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە دیدی خوَیەوە ئەو موحازەرەیەیپێشکەش کرد. ئەوەی باسی کرد کە لە نووسینەوەی دەستووردا کە بۆدەوڵەتێك دەنووسرێتەوە بە ناوی عێراق بە ڵام هیچ کەس و لایەنێك نییە بە ناوی ئەودەوڵەتەوە قسە بکات.

ئەوەی لە قسەکانیشی تێگەیشتم کورد یش کە هەروەك هەموو لایەنەکانی دیکە بە ناوی عێراقەوەقسەناکات و وەکو کورد داخوازی خوَی دەخاتە ڕوو، بەڵام لە هەمو لایەنەکان پەرۆشترە بۆبە یەکگەیاندنی بیرو بوَچوونەکان، ناوی کوردی لە ریزی یەك دوولایەنداهێنا کە رۆڵی کاریگەریان هەبووە لە و لێك نزیکبوونەوەیەدا.

دیارە ئەم پەرۆشی لێك نزیکبوونەوەیە لە دیدێکی عەرەبییەوە ئەوان وای لێك دەدەنەوە و وەك بیستوشمانە کە دەڵێن ئەوان سیخوڕی ئەمریکان و لە خەمی داخوازییەکانی ئەمریکادان، هەرگیز ناڵێن ئافەرینخەمی عێراقیعەرەبییانە!

لە دیدێکی کوردییانەشەوە بەواتای هەرکەسێك داوایەك لە لایەنێکی بەرامبەر بکات لەسەر مێزی نووسینەوەی رەشنووسیدەستووریعێراق ئەوا دەبێلە داخوازییەکی خوَی خوَش ببێ،

ئەی کەواتەئەم پەرۆشییەی لایەنی کوردی بۆهەر لە یەکتر نزیکبوونەوە مانای چییە؟

ئەم پەروَشییەوایکردووە کە هەموو لایەنەکان مانەوەی عێراق هەرلە بەرگی خوَیدا بەکورد بسپێرن، لە گەڵ هەر دتخوازییەکی زوَر ئاسایی بۆ مافەکانی خوَی تاوانباری بکەن بە عێراق نەویستی و جودا خوازی.

گریمان داخوازی کورد لەو کات و ساتەدا بۆ سەر بە خوَیی لە گەڵ هەلو مەرجی ئەمروَدا ناگونجی، بە ڵام کە هەمو لایەك لێك جودا بوونەوە ی رەنگە جیاوازەکانی کرد بە ئەمری واقیع ئیتر کورد چی بکات خوَلەسەر ئەوەش سزا نادریَ؟!

تەنانەت ئەگەر مەترسی بێلەشەڕو گرفتیناوخوَش ئەوا کوردستان لە هەموو شوێنەکانی تری عێراق بێ گرفتترە، چونکە پێشووتریش زیاتر لە 10 ساڵ بە و شێوەیە بە ڕێوە چووە. لە گەڵ عێراقدا ماوینەتەوەبە هەرحاڵ بە ڵام پێویست ناکات بوَعێراق بگرین.